# ئەنگوستیلە هۆشمەندەکان شوێنی کاتژمێرە زیرەکەکان دەگرنەوە

**ئەگوستیلە و ئەڵقە زیرەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا شوێن بە کاتژمێرە هۆشمەندەکان لێژ دەکەن، ئەڵقەکان بچووکترن و هەڵگرتنیان ئاسانە و بۆ جوانیش بەکار دێن، ساڵی ٢٠١٨ سێ گوستیلەی هۆشمەند لەناو ئەنگوستیلەکانی دیکە بەرچاوتر بوون، کارایی ئەنگوستیلەکان لە خوارەوە باس دەکەین.**

## ئەنگوستیلەی oura ring:



ئەنگوستیلەی (ئۆرا رینگ ) زیاتر وەك ئەڵقەی تەندروستی ناسراوە، بەهۆی ئەم ئەنگوستیلەوە لێدانی دڵ، ژماردنی هەنگاوەکان، هەڵسەنگاندنی خەو، ئارەقە کردن و ڕێژەی گەرمی لەش دەزاندرێ، oura چاودێری چالاکی ڕۆژانەت دەکا، ئەو کاتانەی چالاکیت هەبووە یان ئەو کاتانەی کە دانیشتووی و نووستوویە نیشان دەدا، گشت ئەو داتا و زانیاریانەش لە ڕێگای بلوتوسەوە بۆ ئاپێکی تایبەت کە لەسەر مۆبایل دادەنرێ بەڕێ دەکرێن، ئەنگوستیلەکە دژە تەڕبوونە و دژە شوختە.

## مۆبایل و کامێرای ٤٨ میگاپیکسلی



کامێرای دیجیتالی و مۆبایل ئەوەندە ئاوێتەی یەکترین بۆیە یەکێك لە پەسن و باشییەکانی مۆبایل بە کامێرا دیجیتالییەکەی دەناسێندرێ، بۆ نموونە کاتێك مۆبایلێکی نوێ بەرهەم دێت، یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی باسی کوالیتی کامێراکەی دەکرێت، کامێرای مۆبایل شوێنی کامێرای دیجیتالی گرتۆتەوە، مۆبایل هەمیشە لەبەردەستە وەك کامێرا نییە..

لەم دواییەدا هواوی مۆبایلی (nova4) بەرهەم هێنا، مۆبایلێك کە کامێراکەی سەرنج راکێشە، سێ کامێرا لە پشتەوە کە پێکەوە وێنەی بە کوالیتی ٤٨ میگاپیکسی دەگرن. لەوەش سەرنج راکێشتر کامێرای پێشەوە واتە کامێرای سێلفی گرتن لەناو کەلێنێکی بچووکدایە و بەباشی نابیندرێ، کامێرای سێلفییەکەی ٢٥ میگاپیکسلە.

وەك زۆربەی مۆبایلە هۆشمەندە نوێیەکان پەنجەمۆری هەیە و شاشەکەی ٦,٤ ئینجە و کوالیتی نیشاندانی شاشە ٢٣١٠×١٠٨٠یە، باترییەکی بەهێزی هەیە واتە ٣٧٥٠ میلی ئەمپێر و پشتیوانی لە شارژی خێرا دەکات، سیستەمی ئەندرۆید٩ی لەسەرە، میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگابایتە و رامەکەی ٨ گیگابایتە.

## ئەنگوستیلەی wear2pay:



ئەم ئەنگوستیلەیە کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەنگوستیلەی خشڵ و زیڕ زۆر کاری دیکەش ئەنجام دەدات، زیاتر بە ئەنگوستیلەی کریـن و کاری بانکی ناسراوە، بەکارهێنەر پێویست ناکات جزدانی پارە لەگەڵ خۆی هەڵبگرێ یان کارتە بانکییەکانی بۆ بازاڕ بەکار بێنێ، دەکرێت هەر لە رێگای ئەنگوستیلەکەوە کارەکانی ئەنجام بدات. هەستەوەری FRID هەیە و زانیاری کارتی بانکی لەودا خەزن دەکرێن و لەکاتی پارەداندا تەنیا ئەنگوستیلەکە نیشانی ئامێری پارە وەرگرتنەکە دەدرێت و بە ئاسانی ئەرکەکان جێبەجێ دەبن، ئەنگوستیلەکە بە بەراورد بە کارتی بانکی هەڵگرتنی ئاسانترە و ئەمنییەتی زیاترە و ونیش نابێت، هەرکاتێکیش بزر بوو لەرێگای مۆبایلەوە دەکرێت قفڵ بدرێت.

## ئەنگوستیلەی Neyya:



ئەم ئەنگوستیلەیە بە ریموت کۆنترۆڵی ئامێرەکان دادەنرێت، دەکرێت کۆنترۆڵی گشت ئامێرەکانی ماڵەوە بەو ئەنگوستیلەیە بکەی، ئەنگوستیلەکە جوڵەی دەستی بەکارهێنەرەکەی بۆ هەر ئامێرێك کە بلوتوسی هەبێت دەگوازێتەوە، بە جوڵەی پەنجەکانت دەکرێت گوێ لە مۆسیقا بگری، سێلفی بگری، یان مۆبایلەکەت بێدەنگ بکەی، دەتوانی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بگۆڕی، دەنگی کەم و زیاد بکەی، دەتوانی سپلێت هەڵبکەی و بکوژێنەوە، لەگەڵ هەر سێ سیستەمی ئەندرۆید و ویندۆز و ios دەگونجێت.

# کامێرایەک بۆ رووداوەکانی هاتووچۆ



بە ئۆتۆمبیلەکەت بە رێگادا دەڕۆی، لەناکاو ئۆتۆمبیلێك خۆت لێدەدا، یان خۆت بە دیوارێك دادەکێشی یان لە شوێنێك وەردەگەڕێ و بە کورتی رووداوێکی هاتووچۆت بۆ دێتە پێش، ئەگەر فیلمی بەر لە رووداوەکە ببینی ئەوکات هەست بەوە دەکەی چۆن ئەمە روویداوە، بۆ ئەم مەبەستە کامێرای تایبەت بە ئۆتۆمبیل هەن کە بۆ گەشت و گەڕان یارمەتیت دەدەن و لە گەشتەکەت فیلم هەڵدەگرنەوە، لە کاتە هەستیارەکانیشدا فیلم هەڵدەگرنەوە..

یەکێك لەو کامێرایانە، کامێرای VAVA dash cam، کوالیتی فیلم هەڵگرتنەوە لەو کامێرایەدا full HD ە. لە رێگای دوورەوە دەکرێت کۆنترۆڵی بکەی، لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت. فیلمی ٣٦٠ پلەیی واتە بە هەر چواردەوری خۆیدا هەڵدەگری، سیستەمی GPSیشی تێدایە. شەش لێنزی هەیە و هەروەها لێنزێکی سەرووی تیشکی سوریش بۆ فیلم هەڵگرتنەوە لە شەودا، مایکێکی بەهێزی هەیە دەنگی دەرەوەی ئۆتۆمبیلیش بە باشی تۆمار دەکات. دوگمەیەکی تایبەتی هەیە کەلەسەر سوکانی دادەنرێت و لەکاتێکی زۆر هەستیاردا ئەگەر شۆفێر دایبگرێ فیلمێکی ٢٠ چرکەیی دەگرێت و چۆنییەتی رووداوەکە لە هەموولاوە تۆمار دەکات، دەکرێت هەر لەوکاتەی کە بە رێگادا دەڕۆی فیلمەکان بەشێوەیەکی لایف لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بکەیەوە.



# لە سەرەتای ساڵدا

# dell لاپتۆپەکەی خۆی خستەڕوو

لە سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٩دا کۆمپانیای dell کە وەك یەکێك لە ناسراوترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر و لاپتۆپ ناسراوە، نوێترین لاپتۆپی خۆی بە ناوی Dell Latitude ٧٤٠٠ خستەڕوو، ئەم لاپتۆپە کە لەمسییە و شاشەیەکی ١٤ ئینجی هەیە لە ریزی لاپتۆپە باشەکانی سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ دەژمێردرێت.. چوارچێوە لاپتۆپەکە لە ئەلەمینۆمێکی بریقەدار پێکهاتووە، زۆر وەك ماك بوکی ئەپل دەچێت. کێشی لاپتۆپەکـە ١٣٦٠ گرامـە. شاشـەکەی ١٤ ئینجـە و بـە کوالیتـی فـول ئیـچ دی نیشـان دەدات. شاشـەکە لـە جۆری شووشـەکەی گۆریـلا گلاس ٥ە، ئـەو شووشـەیەی کـە لـە مۆبایلـە گرانباییەکانیـدا بـەکار دێت. لاپتۆپەکـە سیسـتەمی ئەمنییەتـی بەهێـزی هەیـە و لـە رێـگای کامێراکەیـەوە تێدەگات بەکارهێنەرەکـەی چ کاتێك لـە لاپتۆپەکـەی نزیـك بۆتـەوە و تـا لـە رێـگای سیسـتەمی وینـدۆز هێلۆ، بیناسـێت و بکرێتـەوە، کاتێکیـش بەکارهێنەرەکـەی لـە لاپتۆپەکـە دوور دەکەوێتـەوە، ئۆتۆماتیکی قفـڵ دەبێتـەوە.
لاپتۆپەکـە سیسـتەمی شـەحنی خێـرای هەیـە و لـە ماوەیەکـی کەمتـر لـە کاتژمێرێکـدا تـەواو شـەحن دەبێتـەوە. پرۆسیسـەرەکەی لـە نـەوەی هەشـتەمی ئەنتەلـە، رامەکـەی ١٦ گیگابایتـە. چەنـد جۆر هـاردی هەیـە، یـەك ترابایتـی و دوو ترابایتـی و ٢٥٦ گیگابایتـی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکـی بەڕێـز دەپرسـێت ئـەرێ چـۆن دەکرێـت پرۆگـرام و وێنـەکان لەسـەر مۆبایلەکـەم بـۆ سـەر میمۆریـی بگوازمـەوە؟**

خوێنەری بەڕێز رەنگە ئاسـانترین رێـگا بـۆ ئـەم کارە بەکارهێنانـی پرۆگرامـی تایبـەت بێت بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەرهەم هاتوون، یەکێك لەو پرۆگرامانـە و لـە ریزی یەکەمیـان دێـت، پرۆگرامـی AppMgr Pro IIIە، پێویسـتی بە شـارەزایی نییە و هەرکە پرۆگرامەکەت کردەوە، گشـت پرۆگرامەکانـی نـاو مۆبایلەکـەت نیشـان دەدات و دەکرێـت بـە ئاسـانی بیانگوازیەوە..

رێگایەکـی دیکـەش ئەوەیە بەبێ پرۆگـرام ئـەم کارە بکـەی ئەویـش کاتێك دەچیە ناو پرۆگرامەکانی ئەو پرۆگرامـەی مەبەسـتە بیگوازیـەوە دابگـرە لـە خـوارەوە فەرمانـی Change دابگـرە و دواتر پێت دەڵێت بیگوازێتـەوە بـۆ SD بە ئاسـانی بەم شێوەیە دەگوازرێتەوە..

## پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی DVD

لـە ماڵـەوە فیلمێکـی زۆرت هەیـە، نیـازت هەیـە فیلمەکان لەسەر DVD دابنێی، بەڵام نەك بەشێوەیەکی رەمەکـی، بەڵکـو بـە دیزاینێکـی جـوان و چەندین فیلم دابنێـی هـەرکام نـاوی خـۆی هەبێـت و دوگمـەی تایبـەت بەخـۆی هەبێ کە بکرێت بە ریمۆت کۆنترۆڵ بیگۆڕی..

پرۆگرامگەلێکـی زۆر هەلـەم بـوارەدا هەیـە، یەکێکیـش لـەم پرۆگرامانە iSkysoft DVD Cre-atorە، بەهـۆی ئـەو پرۆگرامـە بە ئاسـانی دەکرێـت چەندیـن فایلـی ڤیدیۆیـی لـە DVDیەکـدا تۆمـار بکـەی، چەندیـن چوارچێـوە و قالبـی جوانیشـی تێدایە بـۆ ئەوەی یەکێکیـان هەڵبژێـری، دیـارە بە ویسـتی خۆشـت بەبێ وەبەرچاوگرتنـی ئـەو قالبانـە دەکرێـت چوارچێـوەی تایبـەت بەخـۆت دروسـت بکـەی. دەکرێت کۆمەڵێك وێنەی ناو فیلمەکان بەشـێوەیەکی سلاید ئاوێنە لەگەڵ مۆسـیقییەك کـە حـەزت لێیەتـی دابنێی تا وەك پاشـخانی DVDیەکـە نیشـان بدرێت.




پرۆگرامەکـە زۆربـەی فۆرماتەکانـی فیلـم دەخوێنێتـەوە، بـە ئاسـانی دەکرێـت مینـۆ و دوگمـە بـۆ فیلمەکانـت دابنێـی.. دەکرێـت چەندیـن فیلمیـش تێکـەڵ بەیـەك بکەیـەوە و بـۆ ئـەوەی فیلمێکـی تـەواوی لێدروسـت بکـەی..




# خێراترین راوتەر بۆ ئینتەرنێتی G٥

سیستەمی ئینتەرنێتی خێرا کە بە جۆری G5 ناسراوە، جیاوازی لەگەڵ G4 ناسراوە لەوەدایە کە خێراییەکەی چەندین بەرابەری ئەوە، لە سەردەمێکدا کە فیلمی ڤیدیۆیی بە کوالیتی K4 بەرهەم بێت بۆ دابەزاندن (دانلۆد) و خستنە سەر (ئەپلۆد)ی ئەو فیلمانە پێویست بە ئینتەرنێتی خێرای G5 دەکات.

نوێترین راوتەری بڵاوکەرەوەی ئینتەرنێتی خێرا کە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٩ کەوتە بازاڕ، راوتەری جۆری DWR-2010یە. راوتەرێك کە خێرایی بڵاوکردنەوەی ئینتەرنێتی G5 دانلۆدەکەی ٨,٢ گیگابایت لە چرکەیەکدایە.

راوتەری ناوبراو لە فریکۆنسی ٦ گیگاهێرتز پشتیوانی دەکات و چەند LAN تایبەتیشی تێدایە، یەکێك لەوان توانای هەیە ئینتەرنێت بە خێرایی ٥,٢ گیگا لەچرکەیەکدا بڵاو بکاتەوە. جگە لەوەش سیستەمی وای فایەکەی دوو باندیە و چوار ئالیاری هەیە.



## ماڵپەڕێک بۆ هەڵسەنگاندنی ماڵپەڕەکەت لەبواری ئەمنییەتیەوە

ئەوانەی خاوەنی ماڵپەڕی خۆیانن، جا چ سایتی کۆمپانیا بێت یان تاکەکەسی، نابێت لە بوونی فایلی تێکدەر، ڤایرۆس، ترۆجان..تاد دڵنیا بن. بۆ ئەوەی کە بزانی ماڵپەڕەکەت چ کێشەیەکی هەیە لە بواری ئەمنیەتیەوە و ئایا ڤایرۆسێك دزەی نەکردۆتە ناوی، یان ترۆجانێك کێشەی بۆ ساز نەکردووە، سەر لە ماڵپەڕی sitecheck.sucuri.net بدەن. لەم ماڵپەڕەدا بۆکسێك هەیە کە دەبێت ئەدرەسی ماڵپەڕی خۆت تێدا بنووسی و پاشان سایتەکەت سکان دەکرێ و لە گشت ڤایرۆس و فایلێکی خراپ پاك دەکرێتەوە..

## تەرازوویەکی هۆشمەند رێژەی چەوریش دیاری دەکات

ئەوانەی کێشیان لەسەریە و گرنگتر ئامێر کە سەرنجیان رادەکێشێ و جار هەیە دڵخۆشیان پێدەبەخشێ و جاریش هەیە بێ هیوایان دەکات، تەرازووی خۆکێشانە.. تەرازووی خۆ کێشان هیچ تەکنەلۆژییەکی تێدا نییە و مرۆڤەکە دەچێتە سەری و کێشی مرۆڤەکە نیشان دەدات و هەندێکیشیان قەد و بەرزی باڵای مرۆڤەکەش دەگرن. لەم دواییەدا کۆمپانیای هواوی جگە لە بەرهەمهێنانی چەند ئامێرێکی نوێ وەك مۆبایل و کاتژمێری هۆشمەند، تەرازوویەکی هۆشمەندیشی بەرهەم هێناوە کە سیستەمی وای-فای تێدایە و لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت.. تەرازووە هۆشمەندەکە تەنیا کێشی کەسەکە نیشان نادات، بگرە رێژەی چەوری و لێدانی دڵیش دیاری دەکات، سەرەڕای ئەوە وەزعییەتی جەستەیی بەکارهێنەرەکەش نیشان دەدات، جگە لە کێشی بەکارهێنەر، رێژەی (BMI)، رێژەی چەوری لەش، پرۆتین، چەوری خراپ، چەوری باش، ئاوی لەش، کێشی ئێسکەکان و رێژەی سووتانی کالۆریش نیشان دەدات.




